# مافەكانی منالاّن چۆن و بۆچی ..؟

## مافەكانی منالاّن دەبێت گشتی و جیهانی بێت..!!

ئامادەكردنی : شێرزاد فاتح




لەژێر ئەو دروشمانەی لای سەرەوەدا كەمپینی نێو دەوڵەتی بۆ بەرگری لە مافەكانی منالاّن " یەكەم منالاّن" ، لەرۆژانی 11 و 12 فابریوەری 2005 لە ستۆكهۆلم / سوید ، سێیەمین كۆنفرانسی خۆی بەست . كۆنفرانسی ئەمساڵ لە زۆر ڕووەوە كۆنفۆانسێكی سەركەوتوو بوو لە باری بابەتی زۆر دەوڵەمەند و سرنج ڕاكێش بوو ، وە هەروەها لەباری بەشداری كردنی زۆرێك لە خەڵكانی تری دەرەوەی ڕێكخراوی یەكەم منالاّن و سەنتەری منالاّن لە وولاّتانی ترەوە دەوڵەمەند بوو.

### ڕۆژی یەكەم 11 ی فابریە 2005 زمانی باسەكان سویدی و ئینگلیزی

شوێن هۆڵی ڕێكخراوی " منالّ پارێزی سوید" ، سەرەتا لە لایەن سولماز یەكێك لە هەڵسوڕاوانی بواری منالاّن بە خێرهاتنی منیوانەكان كرا و چۆنێتی بەرنامەی كاری ئەمرۆ ڕاگەیەندرا ، كۆنفرانس بە دەقیقەیەك ڕاوەستان بۆ ڕێز لێنان لەو ئینسانانەی كە لە تسۆنامی بوونە قوربانی گەورەترین كارەساتی سروشتی سەردەم ، چووە ناو بڕگەكانی خۆیەوە .

سورەیا شەهابی( بەریتانیا) بەرپەرسی كەمپینی نێو دەوڵەتی بۆبەرگری لە مافەكانی منالاّن"یەكەم منالاّن" ، بە زمانی ئیلگلیزی باسێكی پێشكەش كرد لەسەر " مافە گشتی و جیهانییەكانی منالاّن" چۆن و بۆچی ؟! وە هەروەها كەم و كورتیەك كە لەو بەڵگە نامەیەی ساڵی 1989 دا هاتووە ، بۆ پارێزگاری لە مافەكانی منالاّن ، وە بەدیل و پێشنیاری ئێمە بۆ ئەو ڕاگەیاندنە نێو دەوڵەتییە ،كە لە لایەن سورەیاوە ئامادە كرابوو ، وە بۆچی یاسایەكی گشتی و هەمەلایەنە پێویستە بۆ بەرگری لە مافەكانی منالاّن ، پێش كەش كرد.



سلیمانی قاسمیانی ،بەرپرلاسی یەكەم منالاّن لە سوید ، شاعیرو نووسەر ، سەبارەت بە " خێزان و منال ، وە بێمافیەكانی منالاّن لە خێزاندا" پێشكەش كرد ، سلیمان لە باسەكەیدا ئیشارەتی بەوە كرد كە چۆن لە خێزاندا منالاّن مافەكانیان زەوت دەكرێت و بەزۆر بە بیری گەروەكان و عەقیدیەیان گۆش دەكرێن ، كە پەیوەنییەكی بە دنیای منالّی منالاّنەوە نییە و بە ئارەزوو خۆیان وبە بیّ گوێدانە مافەكانی منالاّن بریاریان لەسەر دەدەن و مافەكانیان پێشلدەكەن.

سۆنیا ئیگریكس( بە لجیكایی) باسێكی سەبارەت بە " منالاّنی بە جدی وەرگرن بار تاوانكار دەنەچن" كە لە باسەكەیدا زۆر نموونەی لەم بارەوە باس كە چۆن لە خێزاندا یەكەم شت گرنگی بە منالاّل نادریّ و ژیانی منالاّن لە زۆر لاوە وەك پێویست لە لای دەوڵەتانیش بەجدی وەرناگیرێ وە چۆن دوایی ئەمە دەبێت بە كارەسات هەم بۆ منالاّن و هەمیش بۆ كۆمەڵگا.



بەدوای ئەودا "سڤێن وینباری"(سوید)لە لایەن " منالّپارێزی سوید"ەوە باسێكی پێش كەش كرد لەسەر " جارنامەی مافەكانی منالاّن و ڕووداوەكانی پشتی ئەم ڕاگەیاندنەوە" . پاشان " ئینگەر ستارك "(سوید)باسێكی پێش كەش كرد لەسەر " منالّ ، حیجاب و خوێندنگا ئاینیەكان لە سوید " وە ئیشارەتی بەچەندین دیاردەو سیمبولی ئاینی كرد لە بە شێك لە خوێندنگاكانی سوید دا ، وە بەتایبەتیش لەو مەرەسەو شوێنانەی كە خەڵكی پەناهەندەی هەندێك لە وولاّتانی تیدا كۆبووەتەوە، كە نایەڵن منالّەكانیان بچن بۆ فێربوونی مۆسیقا ، گۆرانی ، وەرزش و جومناستیك ...و...هتد. وە بەتوندی ڕەخنەی لە یاساو دەوزڵەتی سوید گرت لەم بارەوەو خوازیاری كۆتایی پێهێنانی ئەم موەزعییەتەو چارەسەر كردنی بوو.

مونا کوشا ( ئەمریکا) باسێکی بە ناونیشانی" ڕاستی یەکان و ڕاپۆرتەکان چی دەڵێن" پێش کەش کرد ، مونا باسەکەی بە چەنین ئامار لەسەر مەرگەساتی ژیانی منالآن لەسەر تاسەری دنیا دەوڵەمەند کردبوو، وە سرنجی خەڵکی بۆ لای وەزعییەتی منالآن لە دنیادا ڕلاکێشا.

لە یلا قاسمیانی هەڵسورای مەیدانی مالآن و بەرپرسی یەکەم منالآن لە یۆتەبۆری ، سەبارەت بە "منالآن دەبێ لەهەموو جیهاندا وەك یەك بن " باسێکی پێش کەش کرد.

"هانس لوان برات "( سوید) بەرپرسی ڕێکخراوی بەرگری لە بە دیوکراتیزەکردنی عێراق ، باسێکی سەبارەت بە " سنورەکان بکەنەوە لەبەردەم هاتنی بیری دیموکراسیدا) ، پێش کەش کرد، تیایدا ئیشارەتی بەچەندین خالّی بەڵگەنامەی منالآن گرد و لەو بارەوە چەند بۆچوونی سەبارەت بە وەزعییەتی منالآن خستە ڕوو.




پاشان شیرزاد فاتح( عێراق) بەرپرسی سەنتەری منالآن لە دەرەوەی وولآت ، بە زمانی سویدی باسێکی لەسەر وەزعییەتی منالآنی عێراق لەسایەی داگیرکاری ئەمەریکادا ، پێش کەش کرد ، شیرزاد لە باسەکەیدا بە ئامارەوە ئیشارەتی بە چەندین لەلایەنی پڕتراژیدیای ژیانی مالآن کرد ، بە سود وەرگرتن لەو ڕاپۆرت و ئامارانەی کە لەلایەن هەڵسواوانی منالآنەو نێردرابون لە ناوەوەی عێراق وە بەتایبەتیش ڕاپۆرتی سهیلة ئیدام البدري ، یەکێك لە هەڵسوراوانی بواری منالآن لە شاری دیوانیة . لە هەمان کاتدا شێرزاد فاتح فیلمی دۆکیۆمێنتی " چەند ساتێك لەگەڵ منالآنی بێسەپەرشتی سەرجادەدا لەشاری بەغداد" بە تێکستی سویدی لەسەر وەزعییەتی منالآنی بێسەرپەرشتی سەرجادە لە بەغداد نیشاندا کە مایەی سەرنج ڕاکێشانی جەماوەری ئامادەبووان بوو.

لە پێناوی ڕزگاری منالآن لە دەستی حیجاب، ناونیشانی باسی" ئەعزەم گەم گویان" (بەریتانیا) بەرپرسی کۆمیەتی بەرگری لە ژنان لە خۆرهەلآتی ناوەڕاست دا ، و سەرنوسەری بلآو کراوە" بێ خودایان" ی فارسی ، بوو.




"منالآن و خوێندنگا ئاینیەکان" ناوونیشانی باسەکەی"هەلآلە تاهیری" سوید ،بەرپرسی یەکەم منالآن لە ستۆکهۆڵم بوو ، کە باسی لە گاریگەی خراپی مەزهەب کرد لەسەر منالآن لە خوێندنگا ئایننیەکاندا و لەم بارەوە چەندین نموونەی باس کرد.

پاشان سەبارت بە ئیستغلال کردنی منالآن لە خوێندنگا ئاینییەکان و کاریگەری خراپی لەسەر وەزعییەتی منالآن ، باسێك لە لایەن "سارا محەمەد" سوید ،بەرپرسی ڕێکخراوی " هەرگیز پێلاو فادیمە لە بیر ناکەین " پێش کەش کرا.

لە کۆتایی ڕۆژی یەکەمدا و لە دوای 5ی ئێوارە و تەواو بوونی قسەو باسی قسەکەران ، بۆ ماوەی یەك سەعات دێباتێکی گفتوگۆمان بوو لە لایەن هەموو ئەو قسەکەرانەی کە ناویان هاتووە لەسەرەوە ، وەچەندین پرسیارو پێشنیار کراو قسە باسی لەسەر کرا ، چایانی باسە لەم دێبادتەدا "نوێنەری حیزبی گەل" ی سویدی بەشدار بوو. وە ئەم دیباتە لە لایەن ئارەزو محەمەدی یەو بە ڕێوە چوو.



## ڕۆژی دووەم 12 فابریە 2005 ، زمانی کۆنفرانس ، فارسی ، کوردی و سویدی.

شوێن هۆڵی " شیستا ترێف" بوو ، قسەکەری یەکم سورەیا شەهابی بوو کە سەبارەت بە جیهانی کرنی مافەکانی منالآن وە خەبات لە پێناو پاراستنی مافەکانی منالآن قسەو باسی کرد ، وە هەروەها سلێمانی قاسمیانی باسی لە وەزعیەتی مەینەتباری منالآن کرد ، وە وەك نمونە ئیشارەتی بە منالێك کرد کە چۆن ئیهمال کراوەو گوێی پێنەدراوە ، ئەم منالە تەمەنی 15 ساڵەو وەزنی 17 کیلۆو نیوە و بالآنشی نزیکەی 130 مەترە.

جەبار محەمەد(ئیتالیا) نوێنەری سەنتەری منالان لە ئیتالیا ،وە یەکێك لە دامەزرێنەرانی سەنتەر لە ئیتالیا ،باسێکی سەبارەت بە " منالْ و مەزهەب" پێش کەش کرد ، وە جەبار لە باسەکەیدا سەبارەت بە دەست درێژی سێکسی بۆ سەر منالان لە لایەن کەشیش و پیاوی ئاینیەوە و گاریگەری و ئاسەوارە خراپەکانی مەزهەب لەسەر منالان چ لە ئەورووپاو چ لەناوەوەی عێراق قسەو باسی کرد.



جاسم غەغور (بەریتانیا)ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەنتەری منالان لە سالْی 1999 لە کوردستانی عێراق و هەلْسوراوی بواری منالان لە بەریتانیا ، قسەو باسێکی کرد سەبارەت بە" منالان و پەروەردەو فێرکردن" وە لە باسەکەیدا خوازیاری لابردنی سیمبولی مەزهەبی بوو لە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ، وە هەندێك لە بابەتەکانی خوێندنی دایەبەر ڕەخنەو پێشنیاری خۆی لەم بارەوە خستە ڕوو




گولان یەکێك لە نوێنەرانی حیزی گەلی سویدەوە بەزمانی سویدی باسێکی پێشکەش کرد سەبارەت بە منالان و مافەکانیان وە چۆنێتی بەرەنگاری بێمافیەکانی دەهەق بە منالان ، بەدوای ئەودا سورەیا شەهابی بە کورتی ئیشارەتی بە پەیامی ( پێرکارلۆ ئەلبێتوسی) ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەنتەری منالان لە ئیتالیاو بەرپرسی سەندیکای کرێکارنی خەستەخانەکان لە ناوچەی تۆسکایەی شاری کەرارە ، کە خۆی بە هۆی کێشەیەکەوە نەیتوانی بوو بێت ، کرد ، دوای ئەوە هەر یەك قاسم ئەفشار هەلْسوراوی بواری منالان وە بە تایبەتیش منالانی ئیشکەری زیندانی لە زیندانەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران ، ، پەروانە ئەحەمەدی هەلسوراوی بواری منالان لە سوید، ئەسەد نەودینان هەلْسوڕاوی بواری مافەکانی ژنان و نەهێشتنی توندو تیژی دەهەق بە ژنان ، ئەعزەم کەگویان قسەو باسیان کرد ، لە کۆتایشدا لە لایەن شێرزاد فاتح باسێك سەبارەت وەزعییەتی منالانی عێراق ، وە بەتایبەتیش لەسەر وەزعییەتی منالانی سەرجادە ، بە وێنەو دۆکیۆمێنتەوە کرد ، وە لە کۆتای ڕۆژی دووەمدا دێباتێك بۆ سورەیا ، سلیمان ، شێرزاد ، پەروانە ، قاسم ئەفشار ، جەبار محەمەد و لەیلا قاسمیانی سازدرا و ە لە نێوان ئامادەبووان و دێباتێریەنەکاند قسەو باس و پرسیار وەلام دروست بوو. وە گفتو گۆی گەرم هاتە کایەوە و لە نێو شۆرو شەوقی ئامادە بواندا بە سەرکەوتووی کۆتایی بە کۆنفرانس هات.



هەروەها شەوی سەر لە ئێواری ڕۆژی 12 ی فابریوەری سەعات 7ی ئێوارە تا 12 شەو ئاهەنگێکمان بوو بۆ منالان و گەورەکان ، کە خەلْکانێکی بەرچاو بەشدارییان کرد وە هەندێك دیاری چکۆلە بەسەر منالاندا دابەش کرا. بەم شێوەیەو سەرکەوتوانە کۆنفرانسی سێیەمی نێونەتەوەیی یەکەم منالان کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.